## جارێکی تریش:
## کورد؛ وەک قوربانیەک  لە ناپاکی هاوپەیمانییە ئەخلاقییەکاندا

### هەندرێن

**"دیاردە ئەخلاقییەکان لە خودی خۆیاندا بوونیان نییە، لێرەدا تەنیا راڤەیەکی ئەخلاقی هەیە بۆ ئەو دیاردانە، خودی ئەو راڤەیەش لە سەرچاوەیەک هەڵقووڵاوە کە لە ئەخلاق بەدەرە."**
نیتشە

بەر لە هەموو شتێک گرنگە لەوە بپزرین، کە بیرکردنەوەیەکی سافیلکانەیە ئەگەر پێمان وابێت ئەو دوو حیزبەی، کە بە "سەرکردایەتی یان سەرانی کورد" ناودێر دەکرێن، پێویستیان بەوەیە کە ئێمە رەهەندە مەترسیدارەکانی راپۆرتی بێکەر-هامیلتۆن؛ ئاستەنگی ئەو تەرزە هاوپەیمانییەتە وابەستەییەی نێوان ئەوان و ئەمریکایان بۆ راڤە بکەین، یان پێمان وابێت کە ئەوان پێشنیازەکانی خەڵک بە هەند وەردەگرن. لەوەش سافیلکانەتر ئەوەیە، کە کورد دوای مێژوویەک لە ئەزموونگەلی کۆستکەوتوو، جارێکی تریش، بە تایبەتی لە چرکەساتێکدا کە کورد بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکانی تری، خاوەن تواستگەلێکی لە باری مایەکی و مانەوەییە، سەرمەست بێ بە هاوپەیمانییەک، کە نەک هەر "حەکیمانە" نییە، بەڵکوو لە شێوەی پەیوەندییەکی داڕێژراوی ئاغا و جۆتیار دەچێ، - هەڵبەتە لێرەدا جۆرج بۆشی بابە گەورەی کورد رۆڵی ئاغایەکە دەگێڕێ-. هەر بۆیە، دوای ئەو هەموو رەخنە و هاوارەی کە خەمخۆرە سەربەخۆیەکانی کورد بۆ رێگە گرتن لە شیمانەی ئەو قەدەرەی کە هاتە پێش دەریانبڕی، کە لەوە ناچێ بە دووبارە کردنەوەی پەند، ئامۆژگاریی و راڤەکان دیمەنی ئەو دۆخە بەزیهێنەرەی بوونی کورد و ئەو سیاسەتە لەرزۆکەی  حیزبەکانی مشتوماڵ بکرێنەوە.

لێرەوە دەبینین لەناو ئەو رەوشە داڕماوەی کە زادەی پێکهاتەکەمانە، لە لایەکەوە، هەر یەک لە ئێمەی مەیلە و سیاسیی، یان رۆژگارێک پێشمەرگە بووینە، یانیش نووسەرین، بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانییەی کە ژیانمانی تەنیووەتەوە دەربڕین، بێجگە لە جەختکردنەوەی ئەو "من"ە گوێ لێنەگیراومان، هیچی ترمان نییە بیکەین. چونکە، هەروەک ئێمە چەند جار گوتوومانە، زمانی کوردی؛ بیرکردنەوەی کورد هەڵگری گوتارێک؛ گفتوگۆیەکی هاوبەش؛ بیرۆکەیەکی رەسەن نییە، بەڵکوو زمانێکە لە مەنۆلۆگدا چەقیوە، قسە بۆ خۆی دەکا. کاتێک زمان ئاراستەیەکی نەگرتەبەر، ئەوە گفتوگۆ دروست نابێ. لەبۆیە زمانی کوردی وەک قەدەری مێژووی سیاسییەکەیەتی: لە هەمان خووڵگەدا دەسووڕێتەوە؛ نە گوێ لە بەرانبەرەکەی دەگرێ و، نە دەشپرسێ بۆ لە لەوەتی هەیە لەو خووڵگەیەدا گیری خواردووە. بەڵام ئەوکاتانەی کە هەست دەکەین لە هەندێ قۆناغ و کاتی دیاریکراودا شتێک روویداوە، ئەوە شەکەتی زمانە بە دەست قسە بۆ خۆ کردنە سەرگێژکەرەکانییەوە. هەر بۆیە با خوێنەرانی کورد، بۆ پرسیارێکی ئاساییش بێ، سەرنج لە زمانی ئەو هەموو نووسینەی کە لە مەڕ ئەو راپۆرتە نووسراون بکەن، کە زۆرینەیان، بە دەر لەوانەی پاڵپشتی سەرۆکی حیزبانە، جەختکردنەوەیە لەو "من"ەی کە پێی وایە هەر ئەوە پێش گشت کەس، هەورەوک کەسانی تر ئەو ئاگایانەیان نەبێ لە شیانی ئەو شۆکە، پێشبینی راستییەکانی کردبێ. راستییەکەی ئەوەی کە وادەکا کورد، لە ئاستی دەرەکییەوە، کاری پیاهەڵدان و وابەستەی ئەمریکای بۆش بێ و، لە ئاستی ناوەکیشەوە، سەرۆکی حیزب بکاتە باوکی خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ گرێی ئەو "من"ە  بە دوای دەسەڵات وێڵەی.  لە لایەکی تریشەوە،

له کاتێکدا که کورد به دەست ئەو راپۆرتەی بێکەر-هیملتۆنەوە چۆکی شکاوە، کەچی له تێڤییەکانی ئەو دوو حیزبەوە، که بەرهەمێنەری سەرەکی ئەو کارەساتەن، به هێنانی چەندان مشەخۆر، که خۆیان بەشێکن لەو رەوشە داتەپیووە، بەناوی پسپۆڕەوە ، وەک ئەوەی خەڵکی کورد مێگەل بن، قسەی وتراو و بێ کردە هەڵدەڕێژن. لەوەش گەڕێ، که بەناوی "را و بۆچوونی خەڵک" له دژی ئەو راپۆرتەوە، چەند بەرنامەی بێ سوود لەو تێڤییانە دەبینرێن،که ئەوانەی تەلەفۆن دەکەن، دەڵێی له دیوەخانی کێخوا دانیشتوون، به زمانێکی مردۆخانە به شان و باڵی سەرۆک هەڵدەڵێن. راستییەکەی مرۆ که سەیری ئەو دۆخە دەکا، وێدەچێ بیرکردنەوە تیایدا نامۆ بێ، ئەگینا نەتەوەیەک که سێ ساڵە، وەک تووتی بۆ ئەمریکا و سەرۆکەکەی هەلەکسە دەکا، کاتێکیش کتوپڕ له راپۆرتێکی وادا پشتگوێ دەخرێ، چاوەڕێی ئەوە دەکا که ئەو نەتەوەیە له رێگای مێدیایەکانییەوە بیرکردنەوە و پرسیارەکانی خۆی دەربڕێ، کەچی خەریکی پیاهەڵدانێکە، که نە هەر پێوسیت نییە، بەڵکوو جەختکردنەوەی کۆیلایەتی خۆیەتی. کەواتە راستییەکەی ئێمە له دۆخێکدا دەژین لەوە هەرزانترە که وێنای دەکەین.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە به یاد خۆمان بهێنینەوە، که لەو کاتەی که پێڕی بێکەر-هیملتۆن له گەرمەی داڕشتنی راپۆرتەکایان بوون، کەچی هاودەمیش بەناو "سەرانی کورد" و بەناو نووسەرە "خەبیر" و "گەورە"کانیان، گوایە کورد  له سایەی ئەو "هاوپەیمان"ییەتەی لەگەڵ ئەمریکا و بوشی بابە گەورەکەی له عیراقێکی فیدرالیدا، که فریودالە، نەک فیدرالی، هەموو مافەکانی له "نێرینەی بەهار"دایە و دەوڵەتی بەرێوەیە، به گۆڕینی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"  سەرمەست بوون. من لێرەدا، چونکە دەزانم لەو دۆخە به بازاڕ گەمارۆدراوەی سیاسەتی حیزبی کوردیدا، هەم ئەو باسە بێهوودەیە، هەمیش ئێرەش جێگەی ئەوە نییە، بۆیە نامەوێ به وردی باسی جیاوازی ئەو روحە ویستگەرایە هەمیشە زیندووەی که لە"ئەی رەقیب"ی دڵدار دا هەیە و ئەو روحە لە قوتووکراوەی که له "کوردستان"ی شێرکۆ بێکەس دا هەیە بکەم، که گوایە بۆ ئەو سەردەمە دەگونجێ،که کورد له  "شامی شەریف"دا دەژی. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم، که دڵدار پێش ئەوەی ئەو شیعرەی بنووسی، نە بۆ خۆ کردن به "سیمبول"ی نەتەوەیی لەگەڵ گۆرانیبێژێک رێککەتبوو که بۆ ئەو دۆخەی ئەوکات سروودێکی "موعەلەبی" نەتەوەیی بۆ بنووسێ و، نە حیزب و دەزگایەکیشی له پشت بوو، تاکوو هەر زوو مووچەخۆرەکانی پەسنی بدەن، بەڵکوو ئەوە روحی سروشتی کوردیانەی ئەو شیعرەی دڵدار  بوو، که وای له کوردی تەواوی لەتە لێکدابڕاوەکانی کوردستان کرد، وێڕای کێشەی دیالێکتیکیش، ئەزبەری بکەن و به سروودی نەتەوەیی خۆیانیان دابنێن. هەر بۆیە "ئەی رەقیب"ی دڵدار، هەڵگری گوتارێکی ویستگەرایی کوردییە، کەچی "کوردستان"ەکەی شێرکۆ بێکەس، هەڵگری به لوکالکردنی ئەو گوتارەیە.

بەهەمە حاڵ، وەک وتم، که من نیازم نییە له هۆکرد و ئەگەرەکانی راپۆرتەکەی بێکەر-هیملتۆن بدوێم، بەڵام ئەو سەرنجانە و دەیان سەرنجی دیکە، که زۆری دەوێ هەموویان نمایش بکەین، بەرهەمهێنەریی ئەو شۆک و شیوەنەن که ئەمڕۆ دوای ئەو راپۆرتەوە له زمانی کوردییەوە هەڵدەڕژێن، به بێ ئەوەش بۆ دیاریکردنی بیرکردنەوەیەکی نوێ، گفتوگۆیەکی واتاهەڵگر دروستبکەن. وێڕای ئەمەش رەنگە ئەو شین واوەیلایە، وەک هەمیشە، دوای ماوەیەکی کورت بەرەو هەڵپەڕین و هوتافی هەستبزوێن بگۆڕێن، چونکە خودی ئەو شۆک و شینگێڕانە هەستەکین، نەک هزرین.

کەواتە وەک دەڵێن"هیچ شتێکی نوێ له ژێر ئاسماندا نییە"، بۆیە ئێمەش، نەک بۆ جەختکردنەوەی ئەو "من"ەی که بەس گوێی له خۆییە یان بۆ خۆی قسە دەکا به گۆ دێنمەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی، بۆ ساتێکیش بێ، دڵدانەوەیەک، ئاشتبوونەوەیەک، له گەڵ خۆم، زمانەکەم، دەستەبەر بکەم، ئەو  وتارەی، **که نزیکەی سێ ساڵ بەر له ئێستا لەسەر شۆکێکی تری وەک ئەوەی هەنووکە نووسیبووومان، پێشکەش خوێنەرانی دەکەینەوە. چونکە له رەوشێکی ئەوهادا، ئەوەی که کورد به دەستییەوە پەرێشانە، نەبوونی زمانێکی ویستگەرا و ئێتیکێکی نەتەوەییە، نەک هاوپەیمانییە دەڤۆکییەکەی  لەگەل جۆرج بۆش دا:**

وێڕای ئەزموونە پڕ فرە ئازارەکانی بزاقی سیاسی کورد، کەچی دیسان کورد نەیتوانی لەو پارییە سیاسییەدا خەونە دێرینەکەی؛ گوتارە نەتەوایەتییەکەی بەرجەستە بکاتەوە. ئەمەش ئاکامی ئەو گوتارە ئەخلاقییەیە، کە حزبی کوردی هەڵگریەتی. هەر بۆیە هەتا ئاوێزانی ئەو گوتارە ئەخلاقییە بێ، بێجگە لە بە هەدەردانی خەونی کورد ناتوانێ هیچ ئاکامێکی دیکە دەستەبەر بکا. دواجار ئەو گوتارە ئەخلاقییە، وەک هەمیشە، نەک هەر نابێتە ئەزموونێکی سیاسی، بەڵکو دەماندانە دەست چارەنووسسازێک، کە گوایە (هاوپەیمان)ێکی بەخشندەمانە.
لەو روانگەیەوە کە ئەگەر پێشینەی شکستی ئەزموونی مێژووی سیاسی کورد، هێزە دژەکانی کورد بووبن، کەچی ئەمجارە، بە گوێرەی دەمڕاستە سیاسیی و رۆناکبیرەکانی ئەو دوو حیزبە، ئەو هێزەکە "ناپاک"یە کە لەگەڵ کورد دەکا؛ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی، کە دۆستی دەرەکییە، نەک دوژمن. کەواتە کورد چۆن "پاکانە" لە هێزێک بکات، کە "ناپاکانە" قادەری کورد بە نیگەرانی شاگەشکە دەکا؟ گەلۆ تۆ بڵێی، بە واتای هێگلی، مێژووی گەلی کورد هەمیشە مەحکوم بێ بە رۆحی هێزە حەتمییەکان ؟

ئاخاوتنە سیاسییەکانی ئەو دوو حیزبە و ئەو نامە نارەزاییە، بە ئێمە ئاشنایەی کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال، لەمەڕ دانانی دەستوری کاتی و دابەشکردنی دەسەڵات و پەسەندکردنی لەلایەن بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، کڵۆڵی ئەو گوتارە ئەخلاقییە سیاسیەی کورد بەرجەستە دەکەنەوە.
بەمجۆرە کورد دەخرێتە بەردەم هەڵبژاردنێک کە تەنیا قوربانییە. ئەم پەنا بردنە بۆ قوربانی، وەک کێشەیەکی تێکشکاوی دەروونی، هەر تەنیا لەو دوو سەرۆکەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەوە هەمیشە تاکە دەربڕینێکی کۆی کوردی بووە، یان ناچارییەک بووە لە ئاست کێشەکانی. لاوازی رەوانبێژی نامەکەی ئەو دوو دەمڕاستەی کورد لە قەدەری کورد، لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە وێڕای دەرککردنی ئەوان لە "ناپاک"ی ئەمریکای"هاوپەیمان"، کەچی، وەک قوربانیدەرێک جەخت لەسەر ناپاکی ئەو هاوپەیمانیەتە ناهاوسەنگە دەکەنەوە. لێرەوە ، بە هەڵبژاردنی ئەو رەوانبێژییە، گوتاری سیاسی کورد، یان راستتر بڵێین، دەمڕاستی کورد خەونە دێرینەکەی کورد دەکاتە سەدەقەی بەهایەکانی ئەخلاق، کە سیاسەت وەک هونەرێک لە یارییەکان، لێی بێبەرییە.
کەواتە، ئەگەر لای هێگل "هێزێکی رۆحی"، وەک پرۆسە و کایەک لە کێشمەکێشی دیالێکتیک، بەرهەمهێنەر و بڕیاردەری مێژوو بێ، ئەوە ئەو هێزە لە لۆژیکی ئەو رەوانبێژییەی دەمڕاستی کورد، هاوپەیمانێکی ناپاکە. لەراستیدا ئەو گوتارە ئەخلاقییە لە بنەچەکەدا تێکەڵاوییەکە لە رۆحی مرۆی ئایینی و خێڵگەرایی، نەک ئاوەزێکی بیرکەرەوە، کە دەبوو دوور بێ لە گوتاری هێزێک کە هەڵگری خەونێکی نەتەوایەتی سیاسییە. چونکە ئەوە بڕوادارە ئایینی و پەیوەندییەکانی خێڵە کە لەبەرانبەر ئاکامەکانی کردەی خودا و خۆیان وەرامی ئەخلاقی و دڵدانەوە ئامێزی دەدەنەوە.
وەک بینیمان، کاتێ هاوپەیمانی باڵادەست، بۆ رەچاو کردنی پێوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پۆستی گرینگ بە کوردی "هاوپەیمان"ەکەی نابەخشێ، ئەوکات دەمڕاستی کورد هیچ یارییەکی تری سیاسی بۆ نامێنێتەوە، تەنیا قوربانیدانی ئەخلاقی نەبێ، چونکە لە بنەڕەتدا، وەک چۆن ئەمریکا وەک بەرانبەرێک، کە هەڵگری هونەی شیانەکانە، هاوکاتیش کورد هەڵگری ئەو هونەری قووربانییە بووە.
هەر بۆیە کاتێک کورد، لە جیاتی ئەوەی، بۆ یاریش بێت، ناتوانێ لە روانگە قوربانییە فرەکانییەوە، داخوازی گەورەی هەبێ، دواجار ناتوانێ بیر لە خەملاندنی مەودا و وردەکارییەکانی ئەو یارییە بکاتەوە.

لەم رونگەوە ئەمریکا، بۆ ئەوەی سەری سووکتر بێ لەو دۆخە سەگێژکەرییەی کە تووشی بووە، کورد دەخاتە بەردەم گوتار و پەیمانە ئەخلاقییەکانی، کە ئەویش قوربانیدانە لە پۆستی گرینگی دەسەڵات و ناگرینگی لە نەبوونی ناوی کورد لەی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لێرەوە ئەمریکا بەم قوربانییە مجگێز و حەوسەڵەی پان – عارابی رازیدەکا.

بەمجۆرە کورد هەر لە یەکەم حوکمەتە کاتییەکەوە هەتا دانانی دەستووری کاتی و پۆستەکان و پەسند کردنی ئەو دەستورە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەبێتە قوربانی ئەو گوتارە ئەخلاقییەی کە خۆی هەڵگری بووە، نەک ئەمریکای هاوپەیمانی "ناپاک" و سیستانی مەرجەع و سەدری خەلیفەی فتوحاتی مۆدێرنی عارەب.

چونکە هەر لەگەڵ دەسپێکردنی حوکمەتە کاتییەکانی دوای سەددام، چارەنووسی دەڤەرە بە عارەبکراوەکان و بەتایبەتیش پرسی کەرکوک، خرایە پەراوێزی بڕیارەکانی دەسڵاتدارە تازەکانی عێراقی نوێی وێرانەوە. کەچی دەبوو ئەو پرسیارە گرنگە ناوبراوانەی کورد ببنە جومگە بنەڕەتییەکانی ئەو گرێبەستی ئەو ئەخلاقەی دەمراستانی کورد و "هاوپەیمانان"ەکەی؛ ئەمریکا. هاوکاتیش دەبوو کورد هەر لە سەرەتاوە بیری لە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان بکردبایەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ نەتەوە یەکگرتووەکان چیتر، وەک هەمیشە، کێشەی کورد پشتگوێ نەخات.

بەڵام ئەو ئەخلاقە ناسیاسییەی، کە پێکهاتی حزبی کوردییە، لە دانووساندنی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، نەک ناوەوەی خۆیدا، ئەوە لەگەڵ هەر وەرچەرخانێک، هەروەک ئێستا دەیبینن، رووبەرووی نووشستی دەکاتەوە. چونکە میکانیزمی ئەو سۆزە خۆی هەڵگری ئەو ئاکامەیە. کردەی ئەخلاقی لە ئاستی کێشەیەکی وەک پرسی کورد، لە سازشێکی فریووخواردوو زیاتر تێپەڕ ناکات. هەروەک هەڵشاخانێکی سیاسی، کە سۆزی ئەخلاقی بزوێنەری بێت، لە جۆشدانێکی کاتی زیاتر، ناتوانێ ئامانجێکی گەورەتر بە دەستبێنێ.

هەر بۆیە زڕان و لێکترازانی خەونی کورد قەدەرێک نییە، کە هێزێکی رووتی دونیایی، بە مانا هێگلییەکەی، لە دەرەوەی ناخی کورد و دەمڕاستەکانی جووڵێنەری بووبێت، بەڵکوو ئەوە بەرهەمی خودی ئەو وزە سیاسی و سۆزە ئەخلاقییە کە پێکهێنەری سروشتی ناوەوەیەتی.

کاتێک سۆز دەبێتە رەوانبێژی کورد لە هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ ئەمریکای یاریکەرێکی سیاسی و ئەخلاقی، لە دوا کاتی یەکلا بوونەوەی ئەو یارییەدا، حزبی کوردی بە سەکەوتنێکی نیوەچڵ، یان دۆڕانێکی نیوەچڵ دەستەوەستاو دەبێ.

پرسیارێک کە سەرنجکێشە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو دوو حزیبە هەرگیز دان نانێن بە لاوازی ئەو ئەخلاقە ناسیاسییەی کە لەو یارییە سیاسیەدا روبەڕووی بوونەتەوە. ئێمە ئاکامە سیاسییەکانی دەستوور و حوکمەتی کاتی راستەوخۆ لە مێدیایەکانی ئە دووحیزبە نازانین، بەڵکو لە سەرچاوە بیاننیەکان، هەروەک خۆیان بێئگا بووبن لە دەرکردن و ئاکامەکانی ئە بڕیارانە. بەڵام رۆناکبیرە بت خوڵقێنەرەکانی مێدیای ئە دوو حیزبە، وەک ئەوەی جەماوەر مێگەل بێ، هەمیشە سەرکەوتنەکانی حزبەکانیان بۆ کورد دەڕازێننەوە. کاتێ کە ئەمریکای هاوپەیمانی ناپاک، لە پێناوی عێراقێکی یەکگرتووی عارەبی هاسەنگی سوننە و شیعە و یارییە سیاسیەکانی تر، کوردی هاوپەیمانی ئەخلاقی لە پۆست و مافە نەتەوەیاتییەکان دڵسارد دەکات، دیسانەوە رەوانبێژە سیاسیەکانی ئەو دوو حیزبە و رۆناکبیرە مەعلانەکانیان هەوڵدەدەن کورد بۆ هەڵبژاردنێکی داهاتوو ئومێدەوار بکەن. هەروەک کورد قەدەرێک بێ لە گەمەی هەڵبژاردن و بڕیارە کاتییەکان.

لێرەدا، گەر ئەخلاق، بە واتا نیتشەییانەکەی، شتێکی هەڵبەستراو بێ لە ژیان، کەچی لای حیزبی کوردی ئەو ئەخلاقە، نەک تەنیا دەبێتە راڤەیەکی ئەخلاقی بۆ دیاردەی خودی خۆی، بەڵکو ویستی ئاگایی نەتەوەی کورد دەکا بە سەرچاوەیەک لە ئەخلاق. ئەمەش نەک هەر تەنیا دەبێتە لاواندنەوەیەک

بۆ بەختی خۆی،  کە وەرنەگرتنی پۆست و نەبوونی ناوی کوردە، بەڵکو ئەو کردە ئەخلاقییە کورد دوورتر دەخاتەوە لە بوونی ئاگایی  وستی ئاوەز و ئەقڵ؛ کورد دەکاتە بوونەوەرێکی کۆیلە؛ مرۆڤێکی بێ بنەچەکە و ئایندە.

بەهەرحاڵ، بۆ بێدار کردنەوەی یادەوەری کورد، دوور لە مەبەستێکی رەخنە و دووپاتەی گوتراوەکان، حەز دەکەم بڵێم کە ئەو چارەنووسەی کە ئەمڕۆ کورد داوێنگیریەتی، بەرهەمێک نییە لە هەڵەیەکی سیاسی هەنووکەی و دەرئاوێتەیی ئەو حزبانەوە بەرهەم هاتبێت، یان ئاکامێک نییە لە ناپاکی ئەمریکی -- و دڕندەیی پان – عارەبی، بەڵکو بەرهەمی ئەو چارەنووسە لە کۆی سەرەنجامی ئەو دیاردە ئەخلاقییانەی حیزبی کوردی سەرچاوە هەڵدەگرن، کە ئامانەن: شەڕە براکوژییەکانی شاخ، ریسوا کردنی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردی، شەڕی خۆکوژی و تاڵانکردنی کوردستان لە پەنای حزبایەتی، لەمەش تراژیدی تر، لەکاتەی کورد  لە ئاستی نێونەتەوەیاتییەوە بە گەرمی پشتیوانی لێدەکرا، چوونی ئەو دوو حیزبە بۆ لای سەددام و دوجاریش دەستتێکەڵاو کردنی ئەو حیزبانە لەگەڵ تورکیا و ئێران.  بەڵام بە هێنانەوەی سەربازەکانی رژێمی سەددام، بە دەستی لە خوێن سوور بوویان بە ئەنفالی کوردی و رۆحی هەڵەبجە ...  بۆ هەولێر، کە ئیتر حیزبی کوردی رووتدەبێتەوە لە رەوایەتی دەمڕاستیکردنی گوتاری نەتەوایەتی کورد،  یان گاڵتەجاڕییە ئەگەر بەو حیزبانە بوترێ "سەرکردایەتی کورد". لە روانگەیەوە کورد دەبێتە گەلێک کە ناتوانێ بە ناوەڕۆکیکی کولتووری جیاواز لەبەرانبەر ئەویتردا خۆی وێنا بکا، هاوکاتیش ناتوانێ ئەوە  بسەپێنێ کە خاوەن ویستێکی سیاسیی نەتەوایەتی سەربەخۆ و دژە داگیرکەرانی کورد بووە.

هەڵبەت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو کردەیە، ئامادەبوونی ئەو سۆزە ئەخلاقییە لە گوتاری سیاسیی حیزبی کورد،  کە دەبێتە لەمپەرێک  لەبەردەم ئاگایی کورد بۆ خەملاندنی ویستێکی نەتەوایاتیانەی بەرز. کەچی ئەزموونە سیاسیە قووڵ و کۆستە تراژیدییە کەم وێنەکانی کورد و قەبارەی مەزنی جەستەی بوونی کورد،  کەمتر نین لە کێشەی هۆلۆکۆستی جوولەکان بەدەست ئەلمانیە نایزییەکانەوە.

ئەی کورد بۆ ناتوانێ بوونی خۆی لە گووتارێکی باڵادا بەرجەستە بکاتەوە؟

لێرەوە ئەرکی کورد بۆخۆ  دابران لەم گوتارە ئەخلاقییە، تەنیا گەڕانەوەیەتی بۆ خودی ئەزموونە مەزنەکانی: ئەو ویست و حەزەی کە رەگەکانی  بوونی کوردی دەجووڵێنێ لە پێناو بەرجەستە کردنەوی ژیانەکەی. بەدەستهێنانی ئەو گەڕانەوەیەش هەڵبژاردنی ویست و ئیرادەی بە کۆمەڵی ئاوەزی بەرزی بوونی کوردییە، نەک بەنجکردنی رۆحی کورد بە "برایەتی" و  "هاوپەیمانی"یەک، کە تەنیا فڕێدانی کوردە لە خانەی برا بچووکی، کە ئەمەش کردەی ئەخلاقی رۆحە بچووکەکانە.

جۆزەردانی 2004

ستۆکهۆلم– سوێد